# بەرەی "جود" و هەڵوێستێکی مێژوویی " پاسۆک"..

*هەڵۆ بەرزنجەیی* 20.2.2021

گەڕانەوە بۆ ئەم مێژووە کۆنە، لەو ڕوانگەوە نییە، بمانەوێ بە قسە خۆ بکەینە پاڵەوانی ڕۆژانێکی بەسەرمان بردووە و تێیدا تێکۆشاوین. ئاخر هەرچیمان بۆ دۆزی نەتەوەکەمان کرد بێت، نە منەتە بەسەر کەسەوە و بە لای خۆشمانەوە لە ڕووی پرنسیپیشەوە هێشتا لە ئاستی گەورەیی و قوربانی دۆزە پیرۆزەکەدا نین. بۆیە ئەوەی لێرەدا بەرچاو دەخرێت ، زیاتر وەڵامدانەوە و پێداویستییەکی ناچارییە بۆ ئەوانەی پێشوەخت بڕیاری خۆیان داوە، هەر خەریکی دژە کوردایەتی بن و نکۆڵی بکەن لە واقیع و مێژوو و بەردەوام بە مەبەست و بێ مەبەست کوێرانە تفەنگ بەتاریکییەوە بنێن و شەلم کوێرم بەدەوری خۆیاندا زرمەزلێی کوتەک وەشاندنیان بێت. دەستی ئەوانە ئاشکرایە کە ئەم کارە دەکەن بۆ گەیشتن بە مەرامی گڵاوی خۆیان. هەروەها دیسان ئێمە دەزانین بۆ؟! ئەوانە لە پەستا هێرشی نا بەرپرسایەتی دەکەنە سەر بیروباوەڕی نەتەوەیی و بە دیارکراوی ئەو ڕۆژە گەشانەی کە پارتی سۆسیالیستی کورد - پاسۆک لە سەرەڕێی خەباتێکی هۆشەکی/ عەقلانی دا بۆ دۆزی باڵای کورد و کوردستان و لە ڕۆژگارێکی هێجگار سەختی فیکری و سیاسی و سەربازی ئەنجامی داوە.

جۆری هێرش و ڕەخنە و بیانووی داتاشراویان کە بەردەوام دەیکووتنەوە بریتییە لەوەی:

" کوردایەتی، دابڕا و داخراوە و نەیوانیووە لەسەر گۆڕەپانەکە نزیکی جەماوەر و هێزە سیاسییەکانی دیکە بێت.. نەتەوەییەکان، نیگاتەسکن بەرامبەر بە بزافی دیموکراسی لە عێراق و ڕزگاریخوازی عەرەب لە دژی دوژمنەکانی .. و دابڕاون و باوەڕیان بە چ هاوپەیمانێتێکی نێو گەلان نییە".. و ڕستێ تۆمەتی تریش، کە زادەی دەروونی نەخۆش و باوەڕی سەقەتی خۆیان و حەزە نەزۆکەکانیانن.

نابێت بیشارمەوە، ئەو دەستە و تاقمەی خەریکی ئەم ورووژاندن و پف هەڵدانەن، هەر ڕۆژە لەسەر پەتێک سەما دەکەن و لەژێر دەمامکێکی سەیروسەمەردا ڕوخسیان داپۆشیووە، دەیانەوێ ڕاستییە مێژووییەکان بشێونن، بەمەبەستی ورووژاندنی هەرزانە و بەرزکردنەوەی گێجی چاوی دۆڕاوەکانی مەیدان و شەڕانگێزەکانیان و ختووکەدانی هەستی ئالوودەبووانی ژەهر و تاعوونی ئایدۆلۆژی. . دەنا کەسێک بیەوێ قسەی ڕژد و گردەبڕی بابەتی هەبێت لەسەر پرسێک، لێکۆڵینەوەیەکی ئاکادیمی ئەنجام بدات، یاخود خودی مێژووی ڕووداوەکان وەک خۆی بنووسێتەوە و تۆمار بکات، دەبێت کەمێک لە باسەکەدا قووڵ بێتەوە و سەراسوێییەک بکات و بگەڕێ بەدوای ئارگومێنت و بەڵگەکان دا.

ئەو دەستەیەی تووشی ئەم ئینتەلا و هیستریا حیزبی و ئایدۆلۆژییە بوون، ڕوخسارێکی ئاژاوەگێڕ و قەڵەمێکی ڕووزەردن، دەنا بایی خوێندنەوەیەکی واقعی خاک و نەتەوە و پرنسیپێکی چەسپاوی دنیای مۆدێرنەی دیموکراسی و گەرەکە ئەوانی دیکەیان قبووڵ بێت و گەر بە پەڕۆشیشن وا دەبێ ئەتمۆسفێرێکی ئایەتییان بخوڵقاند بۆ گفتوگۆی پرسە هەستیارەکان. بەواتای ئەوەی واقیع و ڕاستییەکانیان لە خەڵکانی نەتەوەیی دەسەلماند- هەر نەبێت لە کاتێکدا هەموو ، بێ جیاوازی ملمان لەژێر ڕەحمی چەقۆی داگیرکەردایە- نەتەوەییەکانیش پێویستە هەبن و ئازادانە بیروڕای خۆیان گوزارشت لێ بکەن.

لەبەر ڕۆشنایی واقعی ڕووداوەکان دا، من کە بەشێکم لەو مێژووە پڕ لە سەروەرییە و هاوکات کەسێکم باوەڕی قوڵم بە ڕاستی و هەق هەیە، ناچارم لێرەدا، لە سێبەری گەڕانەوە بۆ ڕووداوگەلێک کە بوونەتە مێژوویەکی تۆمارکراو و تازە هێز نییە بتوانێ بیان سڕێتەوە، بەدەنگ بێم و جارێکی تر بە بەڵگە و نووسین ئەو دڵ ڕەشانە بێدەنک بکەم،کە بەداخەوە بێدەنگ نابن،وەک بڵێی ڕاسپێردراون.

وەڵامەدانەکەشم ڕاگەیاندنی شەڕ نییە، بەڵکو تووڕەبوونە لەو دیاردەیەی ئەو دەستەیە! هەوڵی ڕەوایەتی دانی بۆ دەدەن،دیارە شێوندنی مێژوو و

هەڵبەستنی چیرۆکی ناڕاست، لە مەیدانی مێژوو و فیکر و سیاسەت دا. هەر وەک چۆن هەموو شتێکی ناهەق و دزێو تووڕەمان دەکات.

ئەم بەڵگەنامەیەی پاسۆک کە لێرەدا بەرچاوتانی دەخەین کە بەرپەرچی بەیاننامەیەکی بەرەی جودە کە ( بزووتنەوەی نیشتمان عێراقی"واتە جودی!" بە بەشێکی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی عەرەبی داناوە).ئێمە هەوڵ دەدەین لە پاڵەوە داوە تیشکێکی ڕووناککەرەوە بخەینە سەر مێژوو و پێشخان و پاشخانی باسەکە. لە ڕاستیدا وەک فاکت خودی بیرخەرەوەکەی پاسۆک بۆ خۆی سەروبۆری بۆ گشت وشە و ڕستە و چەمک و ستراتیژ و ریاڵ پۆلەتیکی ئەو ڕۆژگارە کردووە. بێ شەرم و منجەمنج گەڵاڵەی بیر و کاری خۆی لەسەر ئاستی کوردستانی و عێراقی و عەرەبی و جیهانی خستۆتە ڕوو. بە کورتی وەک مانیفێستێکی نەتەوەیی هێڵە درشتەکان و شادەمارەکانی بیروباوەڕ و تێڕوانین و ئامانجی خۆی لە خەباتی فیکریی و سیاسی نەخش کردووە. لەوانە قسەکەردن لەسەر :{{ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلانی چەوساوەی جیهان، پرسی دیموکراسی، پرسی دژە بەرەی کۆلۆنیالیزم و ئیمپریالیزم و کۆنەپەرست و داروودەستەکانیان، داوای هاوکاری و هەرەوەرزی نێوان نەتەوەکان، خەبات بۆ بەرەی بندەست و جەوساوان و بەرەو سۆسیالیزم، داوای مافی دیاریکردنی چارەنووس، هەقیقەتی هەبوونی بزووتنەوەی کوردایەتی و ناسنامە و پێگەی لەسەر ئاستی کوردستانی گەورە و باسوور بەتایبەتی..هتد}}. ئێمە لێرەدا دەتوانین ئەم مانیفێستە / بیرخەرەوەیە، یاخود بەیاننامەی ناڕەزاییە کە لە خودی خۆیدا هەڵوێستێکی بێ هاوتا و نیشانەیەکی گەورەی هەڵوێستی نەگۆڕی پاسۆکە بۆ گەلێ پرسی گەوهەریی و چارەنووسساز بە دوو دیودا بخوێنینەوە:

١- دیوێکی بریتییە لەو بەرچاو ڕوونی و باوەڕ و دیدە گەش و فراوانەی تۆمار کراوە، بەرامبەر بە هێز و لایەنەکانی تر سەر گۆڕەپانی خەبات و سەنگەری بەرەنگاریی لە قۆناخێکی هەستیاریی خەباتی چەکداری دا. لە دروسترین فۆڕمدا قبووڵکردنی ئەوانی دیکەیە !! و سەنگەری

خەباتەکەیانە. لە کاتێکدا بەشێکی دیاری ئەوانی دی، سەرمەستی یۆتۆپیای ئایدۆلۆجی و خەونی پەمەیی پارتی پێشڕەو و تەنیا چینی کرێکار بوون. پێم وایە هەڵوێست و دید لەم ڕوونتر و گەشتر و واقیعیتر و پرەنسیپیتر و ڕاستگۆیانەتر نییە، بەرامبەر بە واقعی سیاسی لە عێراق و جیهانی عەرەبی و هەڵوێست بەرامبەر بەهێزە کۆلۆنیالیست و جیهانخۆرە خوێنمژە دژە دیموکراسی و مافی گەلان..

هاوکات هەڵوێستی بێ گەرد و تۆز لێنەنیشتووی کورد لە هەمبەر پرسی ناوەندی عەرەب، کە کێشەی فەلەستینە. کەس هەڵوێستی وا ڕوون و ئاشکرای دەرنەبڕیووە. لە کاتێکدا هیچ مەرامێکی سیاسی نەبێت، بەڵکو زادەی پرنسیب و بنەمای باوەڕی چەسپیویی بێت. بەڵام دیارە ئەوان ئەوەیان لە ئێمە دەوێ، واز لە کوردبوون و دۆزەکەی بهێنین و بچین یەخەی ئیسرائیل بگرین بۆ خاتری عروبە!!. کەواتە ئەوەندەی لە حیزبێکی نەتەوەیی کورد چاوەڕێ بکرێ، کە هەر نەبێت! ئەوە مێژوویەکی دوورودرێژە بە ناوی عروبەوە دوو پارچەی نیشتمانەکەی بندەستی عەرەب بێت و دەسەڵاتدارانی ئەو دوو دەوڵەتە بە نامرۆڤانەترین ڕەفتار دژی کورد وەستاونەتەوە و هەوڵی لەناوبردنی دەدەن.

ئیدی بۆچی ئەم ڕاستییانە کەس باسیان لێوە ناکات بەدوایاندا وێڵ نییە؟!، یاخود بۆ مەبەستگەلێک ئاماژەی پێ نادەن!. ئەو ڕاستییەمان بۆ دەسەلمێنێتەوە،کە ئەوان پێڕەوی لێ دەکەن و دەچێتە خانەی ئەو شێواند و پروپاگەندانەوە کە خودی بکەرەکانیش چ سوودێکی ستراتیژی لێ نابین، ئاخر هەق و ڕاستی گەورەتر و بەهێزترن لە ناهەقی و درۆ.

٢ - دیوەکەی تریشی بریتییە لە جەخت کردنەوە لەسەر ڕاستینەیەکی مێژوویی. ڕاستە پاسۆک ئەندامی بەرەی « جود » بووە. ئەندام بوونەکەشی بەناچاری بوو،لەبەرئەوەی باوەڕی بە بەرەکی عێراقی نەبووە،با هەموو هێزەکانی پێکهێنەرەکانیشی هێزی کوردستانی بوو بێت. هۆکاری هەرە سەرەکی ئەوە بوو پاسۆک بەرگەی گورزی هێزێکی گەورەی وەک

یەکێتی نەدەگرت، کە لەو سەردەمەدا! مافی ڤیتۆی بە ڕووی بوونی پاسۆکدا ڕاگەیاند بوو.

دروشمی پێکهێنانی "بەرەی کوردستانی" شتێکی نوێ نەبوو لە فەرهەنگ و ئەدەبیات و بیرکردنەوەی هاوبیرانی نەتەوەیی دا. پێش هەرەسی شۆرشی ئەیلوول داوای پێکهێنانی بەرەیان کرا. دوای هەرەس بە پرۆژە و بەرنامەوە چوونەتە لای هەموو لایەنەکانی سەر گۆڕەپانەکە و داوای پێکهێنانی « بەرەیەکی هاوتای یەکسانیان کردووە» . کەچی کە بەرەی نیشتمانی عێراقی/ جود لە مانگی1980/1 دروست بوو، پاسۆک دوای زیاتر لە دوو ساڵ لە مانگی 5/1982 تێیدا بووە ئەندام بە پارێزەوە و چوار سەرنجی تایبەتییەوە.* بنۆڕە ل ٨٥،( کورتەباسێکی بەرەی کوردستانی) ئازاد مستەفا ١٩٨٨ سوید. جود بۆ خۆی بەرتەکێکی/ ردفعل بەرەی جبهە وطنیە قومییە دیمراطیە"جوقد" بوو. لە جوقد دا یەکێتی وەک هێزێکی کوردستانی داینەمۆ بوو! لە جوددا پارتی هێزی سەرەکی و مەیدانی بوو . هەلومەرجێکی سەربازی پاسۆکی ناچار کرد درەنگانێکی درەنگ بێتە ئەندام. بۆ مێژووش دەبێ بڵێین کاتێ لە جودیشدا ئەندام بووین، بەردەوام داوای پێکهێنانی بەرەیەکی کوردستانی جیاواز لە جود و جوقدی بە بەشداری هەمووان دەکرد...

کەواتە کاتێ پاسۆک دەبێتە ئەندامی جود نێتی ئەوە نەبووە شەڕی ناوخۆ گەرم تر بکات و برینەکان قوڵتر بکاتەوە. بەڵکو بۆ خۆپارێزی و مانەوە بووە، ئاخر یەکێتی لە خوێنی پێشمەرگەکانی شەڕی هەکاری خۆش بوو لەگەڵ پارتیدا ڕێک کەوت، کەچی سەرکردایەتییان هەمیشە دژی ڕێکەوتن بوو لەگەڵ پاسۆک بەهۆی ڕووداوە دڵتەزێنەکەی گەڕەدێ- شەڕی نێوان پاسۆک و یەکێتی-..

بەڵێ پاسۆک ئەندامی جود بووە، لێ لەسەر هەژماری پرسە نەتەوەییە گرنگ و پرنسیپە هەستیارەکانی دۆزەکەی نەبووە. لە هیچ هەلومەرجێکدا پاسۆک ئامادە نەبووە دەستبەرداتی بنەما سەرەکییەکی دروشمە

گەوهەرییەکانی دۆزی نەیەوەی کورد بێت. ئەم هەڵوێستەی پاسۆک لە چوارچێوەی جوددا، بەرامبەر بە سێ هاوپەیمانی "پارتی و سۆسیالیست و حشع" کەموزۆر لایەنگر و خاوەن باوەڕ و نووسەری بەیانەکە بوون،شتێکی تاقانە و چاوەڕوان نەکراوە. هاوکات بۆ پاسۆک لەو بارودۆخە گەمارۆدراوەدا، ئازایەتییە ئەدەبییەکە ئەوەیە، هەم بیروڕای ئازادانە خۆی دەبڕی و لەسەر لادان و بەهەڵەدا چوونەکان بێدەنگ نەبوو. هەمیش سەربەخۆیی فیکری ناسنامەی دۆزی نەتەوەیی خۆی پاراست و لەدەست نەدا.

ئەم بەڵگەنامە لە زۆر ڕووەوە دەکرێ قسەی لەسەر بکرێ، من وەک دیکۆمێنتێ هێناومەتە بەردەم ڕۆشنبیرانی کورد و تیشکێکی ڕووناککەرەوەم خستۆتە سەری. هەروەها وەک وەرامێکی توند بۆ ئەوانەی نکۆڵی لەمێژووش دەکەن... کورد وتەنی « مشت لە درەوشە دەگەڕێتەوە» بریا ناچاری هێنانەوەی ئەم بابەتە نەبووینایە، بەڵام کاتێ لۆژیک و زانست و بابەتێتی پێشێل دەکرێ، ناچار دەبێت بچیتە خانەی بەرگری سەختەوە و بەهەر ئامرازێک بێت داکۆکی لەو هێرشە دڕندانە بکەیت کە کراوەتە سەرت.

دیارە شێواندنی مێژوو یاخود پەردەپۆشکردنی هەق و ڕاستی نە بۆکەس دەچێتە سەر و نە خزمەتی ڕاستەقینەش بە کەس دەبەخشێ... دەبا جارێکی تر دەست بە نووسینەوەی مێژووی ڕاستەقینە و بێ گرێ و گۆڵی نەتەوەکەمان بکەینەوە. نە کەس بکەینە سۆپەرمان و فریشتە و بلیمەت و ئەندازیار و پێشڕەو و نە کەسیش بە گەندەپیاو و دێوزمە و هیچ لەباردا نەبوو و تێکدەر و پاشکۆ و پەراوێز... نە تاقە بیر و ڕێبازێک بپەرستین و نە یەکێکی تر بەر نەفرەت بدەین. پێویستە قوڕێکی ڕەشی خەست بدرێ بە سەرچاوەی ئەم جۆرە بیرکردنەوانەدا. لاپەڕەیەکی نوێی نووسینەوەی ڕاستییە مێژووییەکان هەڵدەینەوە. بە بێ ئەنجامدانی ئەم کارە لە پێویست پێویسترە، ناتوانین لە ڕابوودومان بگەین و مەحاڵیشە ئایندەش بە دروستی بخوێنینەوە....

هیوادارین ئەوانەی لەمەودوا دەیانەوێ مێژووو بنووسنەوە، توێژینەوە لە بیر و هەڵوێستی حیزبە سیاسییەکاندا بکەن، تیشکێ بخەنە سەر مێژووی فکر لە کوردستان دا، باشتر و بە پەرۆشانەتر خۆیان ماندوو بکەن و نەکەونە ژێر کاریگەرێتی قەرەبالغی و میدیای زارقەرەباڵغ و هەوڵە گوماناوییەکانی ئێرە و ئەوێ و سیاسی و نووسەرە درۆزنەکانەوە.

شایانی گووتنە بەڵگەنامەیەکی مێژوویی لەم چەشنە لە مێژووی زیاتر لە نیو سەدەی ڕابووردی خەباتی نەتەوەیی و سیاسیدا بەرچاو ناکەوێت. بەوپەڕی ڕاشکاویشەوە دەڵێین: لە ئەرشیفی هیچ حیزبێکی تردا نییە. بۆیە بیرخەرەوەیە چەند وەک مانیفێست دەبین هاوکات هێندەش لامان پارچە گەوهەرێکە. شانازی پێوە دەکەین،چونکە هی ڕۆژە سەختەکانە وپاسۆک دەرفەتی فراوانی دەربڕینی دیکەشی هەبوو. بەڵام هەڵە و نەزانی و نێت خراپی ئەوان، ئاسۆی بیرکردنەوەی بەردەم پاسۆکی لێڵ نەکرد. هەربۆیە "کانی" بیری نەتەوەیی چەند ئاوەزمەند و هەبووەیکی ئەقڵی خۆڕسک و هەڵقوڵاوی نێو واقعی ژیانە و چەند سازگار و ڕوونە، بیر و هەڵوێستی پاسۆکیش زادەی ئەو هەڵکەوتە و جۆگەلەی ئەو کانیاوەیە.

****

سەرنج: بەیاننامەکەی "جود" هی سەرەتای مانگی 1.1984 وەڵامەکەش هەر بۆ ئەودەمە دەگەڕێتەوە.. من وەک خۆی بیرخەرەوەکەی پاسۆکم چاپکردۆتەوە،وەک ئاسانکارییەک بۆ خوێندنەوە،تاوەکو بۆ خوێنەر ئاستەنگ دروست نەبیت. هاوکات هەندێ و وشە و زارەوەی عەرەبی تێدایە،کردوومەتە کوردی.

سەرنج: بەیاننامەکەی "جود" هی سەرەتای مانگی 1.1984 وەڵامەکەش هەر بۆ ئەودەمە دەگەڕێتەوە.. من وەک خۆی بیرخەرەوەکەی پاسۆکم چاپکردۆتەوە،وەک ئاسانکارییەک بۆ خوێندنەوە،تاوەکو بۆ خوێنەر ئاستەنگ دروست نەبێت. هاوکات هەندێ و وشە و زارەوەی عەرەبی تێدایە،کردوومەتە کوردی.
+++++++++++++++++++++
کوردستانێکی ئازاد گەلێکی یەکسان
پارتی سۆسیالیستی کورد" پاسۆک"
مەکتەبی سیاسی: بۆ/ « لیژنەی باڵا»ی ( بەرەی نیشتمانی دیموکراتی عێراقی« جود»)ی تێکۆشەر ..
سڵاوی ئازادی و یەکسانی..
برایانی بەڕێز و تێکۆشەری هاوپەیمانمان..
بەرچاوخستن و ڕەخنەی شۆڕشگێڕانەی دڵسۆز جگە لەوەی بنکە و بنەمایەکی بنەڕەتی و گرنگی بینای هەموو کۆڕ و کۆمەڵ و ڕێکخراوێکی سیاسی پێشکەوتووخوازی شۆڕشگێڕ و هەموو پەیوەندی و هاوکاری و هاوپەیمانییەکی دروست و خزمەتگوزارە و هەموانیشمان ڕامان گەیاندووە و ئیقرارمان کردووە، ئەرکێکی سیاسی و میللی و ئەخلاقیشە.
هەر لەبەر ڕۆشنایی ئەم ڕاستییەدا بەپێویست و ئەرکێکی خۆشمانی دەزانین کە باری سەرنجی خۆمان لەمەڕ هەندێ ڕاگەیاندن و گوزارشتگەلی دوا « بەیاننامە»ی « لیژنەی باڵا» ی ( بەرەی نیشتمانی دیموکراتی عێراقی - جود -)ی تێکۆشەرمان کە لە کۆتایی تشرینی یەکەمی ١٩٨٤ دا دەرچووە، دەربڕین...
- ئەوە کە لە لاپەڕە( ١) ی دێڕی (١٨-١٩)ی بەیاننامەکەدا هاتووە و دەڵێ: جود کە (( «جود» کە بزووتنەوەی نیشتمانی عێراقی بە بەشێکی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتمانی عەرەبی دادەنێ، وای دادەنێ کە خەباتیی بەشێکە لە خەباتی گەلانی عەرەبیی دژی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و کۆنەپەرستی))..
بەڕای ئێمە دەربڕین و ڕاگەیاندنی وا هەڵوێستە و سڵەمینەوە و سەرنجدانی دەوێ و دەبێ ڕای خۆمان بەوپەڕی بوێرییەوە/ جورئەت شۆڕشگێڕانەوە ڕوون کەینەوە و ئەم مەسەلەیە هەرگیز خلیسکی نووکە قەڵەم و گوزارشتێکی نەبەکام نییە. پێشەکییەکە و سەرەنجامی زۆر گرنگ و پڕمەترسی لێ دەکەوێتەوە و بنخانێکی فیکرییە کە سەرخانێکی تایبەتی لەسەر هەڵە دەچنرێ، بۆیە دەبێ یەکسەرە کرێتەوە. چونکە ئێمە پێمان وا نییە و وانیشە کە « بزووتنەوەی نیشتمانی عێراقی» بەشێکی « بزووتنەوەی نیشتمانی عەرەبی » بێ. لەبەرئەوەی « نیشتمانی عێراقی» بە بەشێک لە نیشتمانی عەرەبی نازانین و گەلی عێراقیش بە بەشێک لە گەلانی « نەتەوە»ی عەرەبی دانانێیین، کە دەقاودەق و بێ لێکدانەوە/ تأویل ئەو ڕاگەیاندنەی سەرێ وا دەگەیەنێ!.. جا ڕێمان بدەن ( بۆ ڕەواندنەوەی پێوەنان و لێگۆڕین/ دەفعی إلتباس و لەبەر گرنگی باسەکە) خۆمان چاتر و قووڵ تر ڕوون کەینەوە:

١- هیچ گومان لەوەدا نییە کە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوە و گەلانی چەوساوە و داگیرکراو زنجیرەیەکی پێکەوە بەند و نەپساوەن و کۆی خەباتی ڕزگاریخواز و دیموکراسییانەی ئەو نەتەوە و گەلانەن کە ڕووی زوڵم و ستەمی ناڕەوای داگیرکردن و چەوساندنەوە و ئیمپریالیزم و دار و دەستەکانیدا وەستاوەتەوە و بەرەو ئاسۆی

( دیاریکردنی مافی چارەنووس ) و سەرفرازیی و ئاشتی پەروەر و دژ بە ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی و بزووتنەوە کرێکارانی جیهانی و بەرەی سۆسیالیستخواز و مرۆڤ دۆستانی دنیا. بزووتنەوەی (کوردایەتی) ش کە بزووتنەوەی هەقخوازی مێژووکردی جەماوەریی نەتەوەی کوردە( کە خەباتی گەلی کورد لە کوردستانی عێراق بەشێکە لێی). بەشێکی گرنگ و بەرچاوی بزووتنەوەی گەلانی چەوساوە و داگیرکراوە، ئەگەر نەلێین دیارترینیانە، یەک لە دیاریترین ئەو بزووتنەوانەی دنیایە، بەپێی ئەم بەلگە و واقعانە:

نەتەوەی کورد گەورەترین نەتەوەیەکی سەر ڕووی ئەم ئەرزەیە کە ئاخەلێوەی A - سەدەی بیستەمە لە مافی سروشتی ژیان و ( دیاریکردنی چارەنووس)ی و مافە .دیموکراسییەکانی و هەتا مافە مرۆڤایەتییەکانیشی بێ بەشکراوە و لێی زەوت کراوە
کوردستان نیشتمانی مێژوویی کورد، ئیمڕۆ گەورەترین سەرزەمینێکی B - ئیستعمارکراو و داگیرکراوە( پەنجا ئەوەندەی لوبنان و شازدە ئەوەندەی بەلجیکاش .دەبێ!) کە تا ئیمڕۆ داگیرکەرانی ڕاستەوخۆ لەسەر کۆڵەی سنگییەتی
ـ لەسەرتاسەری کوردستان دا نەتەوەی کورد لەبەردەم سیاسەتی چەوسانەوەی C نەتەوایەتی و بێبەش کردنی لە کەمترین مافی مرۆڤایەتییەوە تا هەولی لەنێوبردن و تواندنەوەی نەتەوایەتیدایە. کە لە کوردستانی عێراق دا لەژێر پالەپەستۆی ڕەگەزپەرستانەترین سیاسەتی شۆڤینییەتی کردنە عەرەب دایە و ڕێک نیوەی کوردستانەکەی دابڕاوە و ئەوەی زایۆنیزمەکان لە بەری خۆراوای فەلەستین بە نیازین ...!و دەیکەن بەعسی عەفلەقی ڕەگەزپەرست کردوویانە و لێشیان تێپەڕاندووە
ـ هەمیشە نەتەوەی کورد بەدەستی ڕاستەوخۆی ئیستعمار و ئیمپریالیزم و D ناڕاستەوخۆشی، کە ڕژێمە داگیرکەر و کۆنەپەرست و چەوسێنەرەکانییەتی، ڕەتێنراوە و کوتراوە و چەوسێنراوەتەوە. بۆیە ئەو خەباتەی کوردایەتی بە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ و لە جەوهەردا دژی ئیمپریالیزم بووە و لەمەدا کورد لە پشکی خۆیشی پتر ئەرکی بەرەنگاربوونەوەی هێزی ڕەش و شەڕخواز و ئیمپریالیزمی هەلگرتووە و لە هەموو گەلانی دنیاش بێ پشت و پشتیوان و بێ دالدە بووە و ئەم جەنگە پیرۆزەی بە ئەرک و زەحمەت و لەسەر ورگی خۆی کردووە و کەسێ نەک هەر قەرزێ هەتا تەکلیفێکی ڕەوای مرۆڤایەتیشی بەسەرەوە نییە.. بۆیە هەرگیز لە خەباتی کەسی دیکە کەم ڕەنج تر و کالەوەبوو تر و بێ شەوق و تین تر و بێ بایەخ تر نەبووە و نییە، تا وەک گۆشتی سەر چەپەر چەمەلغی کەین بۆ ئەوەی شەوق و شەرەفی بۆ .بخوازینەوە
شێوە و جۆری چەوساندنەوە و لەنێوبردنی بوونی نەتەوایەتی کورد بە ئەندازە و E - شێوەیەکە کە کەم نموونەی لەسەرتاسەری مێژوودا هەبێ( داگیرکەرانمان وەک فاشیست و نازییەکان قەلاچۆمان دەکەن، وەک زایۆنیزمەکان لە خاکی باب و باپیرانمان بەدەرمان دەنێن، وەک خاچ پەرستان غەزامان دەکەن، سوور پێستەکانی ئەمریکا لە ئۆردوگای زۆرەملێ دەپەستێورێین، وەک ڕەش پێستەکانی ڕۆدیسیا بە هاوولاتی پلە هەزار و سێ پلەی ژێر هاوولاتی ئاساییەوە دادەنرێین، دەمانکەنە جەردە و ڕێگر و کافر و شعوبی و جیاخواز و ئیسرائیلی دووەم و هەشتێ ، هیچیشیان نین کورد نەبێ!... داگیرکراوین ، دابەشکراوین ، ڕەتێنراوین ، دەرپەڕێندراوین.... و .هتد)

٢- ئێمە پێمان وایە سەرفرازیی کۆمەڵگەی کوردەواری بە شان و باهو و خەباتی جەماوەری زەحمەتکێش و دلسۆزانی گەلەکەمان دێتە دی. هێندەی ئەوەش باوەڕمان بەوەیە، بەتایبەتی لەم قۆناغ و سەردەمەمان دا، کە ستەمکاران و چەوسێنەران و داگیرکەران و ئیمپریالیزم بەرەیەک پێک دێنن و کۆلیتەکانیان یەکە و یەکخستووە. دەبێ گەلانی ژێردەستە و داگیرکراو و چەوساوە و هێزی ئاشتی و دیموکراتی و پێشکەوتووخوازی دنیا سەنگەر و بەرەو چارەنووسیان یەک خەن. یەک لە مەرجە هەرە گرنگەکانی سەرکەوتنی خەباتی بزووتنەوەی هەر گەل و نەتەوەیەک ئەوەیە کە توند توند خەباتی خۆی لەگەڵ بەرەی گەلان دا گرێ دا و توانای یەکخات، کە دیارە ئەم حوکم و بەڵگەنەویستە چەند جار لەمەڕ بزووتنەوەی کوردایەتی ڕاست دەردەچێ و پێویستییەکی ژیانیشە/ حیاتی، بەڵام ئەمە هەرگیز مانای لەدەستدانی تایبەتمەندێتی نەتەوایەتی و خەباتەکە ناگەیەنێ و بەوەش ئەوە نایەتە دی... بەپێچەوانەوە دەبێ گەشەدان بێ بە ( تایبەتی/ الخاص لە چوارچێوەی گشتی دا/ العام).

٣- بناغەی پتەو و قووڵ و بەردەوام و لەبن نەهاتووی پەیوەندی نێوگەلان لەسەر بنچینەی بەرابەری و یەکسانی و هاوتایی هەڵدەستێ و تەنها بە بەرچاوگرتن و پاراستنی ئەو بەرابەری و یەکسانی و هاوتاییە پەیوەندییەکی نێونەتەوایەتی و نێوگەلانێکی پایەدار و دروست و ڕەوا پەیدا دەبێ. هەموو دالەنگین و ناخونەک و بەم دیو و بەو دیودا داشکانێک جگە لەوەی دژی سەرەتا و گیان و بناغەی ئەو پەیوەندی و لەبەر یەککێشانەوە و لەقکردنی ئەو بناغە پتەوەیە و ئەوەیە کە ئیمپریالیزم کاری پێ مەیسەر دەبێ. بەرچاونەگرتنی ئەم ڕاستییە پەیوەندییەکە دەکاتە پەیوەندیی سەر بەم و پاشکۆیایەتی/ تابع و متبوع و پاشکۆیایەتی و ئاغایەتی کە کتومت/ صرف سەرەتایەکی ئیستیعماری و ئیمپریالیزمانەیە.

لەم بوارەدا ( بواری پەیوەندی نێو گەلان) بناغەیی و نا بناغەیی و گرنگ و کەم بایەخ و گچکە و گەورە و هیچ بەرفامێکی/ مەفهوم خوار و ژووری دیکە هەڵناگرێ..

بەم پێیە خەباتی نەتەوایەتی نەتەوەی کورد و گەلانی عەرەب و ئیرلەندی و باسکی و هەموو دنیایی لە یەک تای تەرزوودان و چوون یەک لە مەیدانەکەدا بەرانبەر زوڵم و زۆر و ستەم و داگیرکەری و دابەشکردن و چەوساندنەوە و ئیمپریالیزم دا وەستاونەتەوە و بەقەدەر یەکیش شەرەفی ئەو جەنگە پیرۆزەیان هەیە.

هەموو سەرکەوتنێ کوردایەتی بەدەستی بهێنێ، سەرکەوتنە بۆ عەرەبایەتی و هەر شکستێ بەسەر کورد دا بێ پڕیشکێکی بە جۆرێک لە جۆرەکان بەر ئەوانیش دەکەوێ. هەرواتر جەماوەری عەرەبی لەهەر پارچەیەکی وڵایەکەیان دا ، لە ئۆقیانووسەوە تا کەنداو( بە بەشە عەرەبییەکەی عێراقیشەوە) هەر سەرکەوتنێ بەدەست بهێنن سەرکەوتنە بۆ کوردایەتی و هەموو دنیاش.. کاتێکیش ئەمە بەڕاست دەردەچێ کە پەیوەندی نێونەتەوایەتی و نێوگەلانی نێوان ئەو گەل و نەتەوانە بەرابەر و یەکسان و هاوتابێ. لێرە کامیان و کێ لە هەڵوەستە و باروهەلومەرجێکی چێتر و ڕەخساوتر و بە ئیمکابییەت تردان ، تێکەڵاوی حسێبی ئەو بەرابەرییە نابێ.

٤ـ لە دوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە دابەشکردنی نەتەوەی کورد بەسەر چەند کیانێکی سیاسی دەوروبەری دا بە دژی ویستی خۆی و بە پێچەوانەی بچووکترین مافی گەل و نەتەوەکان لە دیاریکردنی چارەنووسیان دا و بەدەستی ئیستعمار و کۆمەکی داردەستە و کۆنەپەرستانی ناوچەکە شەقڵی ئیمرۆکەی گرتووە کە قەت

نەتەوەی کورد بەم دابەشکردن و ئیستعمارکردنە قایل نەبووە و قایلیش نابێ. کیانی سیاسی دەوڵەتی عێراقیش بەم شێوەیەی ئیمڕۆی دەستیاوی ئەو کارە ئیستعمارییە چەپەڵەیە کە بە تۆپزی بەسەر گەلی کوردمان لە باشووری کوردستان دا سەپێندراوە. کوردستانی عێراق بە هەموو مانای وشە کۆلۆنییەکی/ موستەعمەرەیەکی داگیرکراوە و لەوەش دزێوتر بە پارچەیەک لە نیشتمانی عەرەبی لە قەڵەم دراوە و گەلی کوردیش بە بەشێک لە گەلانی «نەتەوە»ی عەرەب حسێب دەکەن !.

سەرجەم حکومەتە کۆنەپەرست و شۆڤێنیست و ڕەگەزپەرستە یەک لە دوای یەکەکانی عێراقی ویستوویانە و هەوڵی تەواوی لەنێوبردنی بوونی نەتەوایەتیشیان داوە. ئێمە پێمان وایە ئەم ڕاستییە بەرچاو و بەڵگەنەویستانە هی ئەوەنین کە هیچ کەندەڵانێ بیان شارێتەوە و شاردنەوەشی تەنها خزمەت بە بۆرژوا بیرۆکراسییە سەردەستەکەی عێراق و دەمارگیرە شۆڤێنیستەکان دەکات...

ئەمە لەوە کەل ناکات کە پێویستی و پێداویستییەکانی خەباتی ئەم قۆناغەی کوردایەتی و بزووتنەوەی دیموکراسی عێراقی ئەوە داوا بکا و بخوازێ کە توانای هەردوو گەلی سەرەکی عێراقی( عەرەب و کورد),و کەمە نەتەوایەتییەکانیشی یەکخرێن بۆ بەرەنگاربوونەوەی فاشییەت و ڕەگەزپەرستایەتی و دیکتاتۆرییەت، بۆ بنیاتنانی عێراقێکی دیموکراسی و جەماوەریی کە ئەو پەیوەندییە کۆنەی (کۆلۆنیال و کۆلۆنیالکراو_ ئیستعمار و موستەعمەرەوەیەی) بگۆڕدرێتە سەر دۆخی ئاسایی و سروشتی و ڕەوای پەیوەندییەکی خۆویستی دروست و بەرابەری نێوان گەلی عەرەب و کورد. خەباتی گەلی عێراقی بۆ ( دیموکراسییەت و حوکمی زاتی ڕاستەقینە « سەربەخۆیی خۆیی/ ئیستقلالی زاتی» و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی ) بێ. هێندە و بە ئەندازە و بارستایی بۆ هەنگاوی فراوان تری جەماوەری بێ بۆ ( یەکێتی عەرەب و سەربەخۆیی تەواو و رزگاری و سۆسیالیزم) ئاواش بۆ هەنگاوی فراوان تری جەماوەری بێ بۆ ( مافی دیاریکردنی چارەنووس و یەکێتی نەتەوەی کورد و سەربەخۆیی). تەواو تەواو ئەوەی بۆ تاکێکی عەرەبی ڕەوا و سروشتی بێ بۆ کوردێکیش وابێ.

٥- چەکی یەکەم و هەرە بڕندەی میراتی گەندەڵی ئیستعماری کن و پاکتاوکردنی نفوزی ئیمپریالیزم ئەوەیە کە پەیوەندی ئیستعمارییانەی عێراق بە کوردستانەوە بکرێتە پەیوەندییەکی ئینتەرناسیۆنالیستانەی بەرابەر و هاوتا. پەپکەکردن و هەڵنیشتن لەسەر واقعی گەندەڵی سەپاو و قەبوڵکردن و لێدانەوەی قسەو بۆچوون و تەرح و نمایشتەکانی ئیستعمار و دەستە شۆڤێنیست و ڕەگەزپەرستەکەی عێراقی ( بە ئاگا و نا ئاگا و لەژێر هەر بار و دۆخێکدا بێ). بۆ خۆی دژایەتی بزووتنەوەی هەقخوازی کوردایەتییە و کۆسپ نانە بەردەم ڕەوتی بزووتنەوەی دیموکراسی عێراقییە و داچەقاندنی شوێن پێی کۆنەپەرستی و دیکتاتۆرییەت و شۆڤێنیستییە. دەبێ ئەو ڕاستییەمان لەبەرچاوان بێ کە تا زەمینەی ماددی و فیکریی بیری بۆرژوا بیرۆکراتی سەردەستە و فاشییەتی ڕەگەزپەرست لە عێراقدا هەڵنەتەکێندرێ و زەمینەیەکی ماددی و فیکریی پەیوەندیی نێونەتەوایەتی بەرابەر و هاوتا لە شوێنیدا سازنەکرێ ناتوانرێ و شیاو/ مومکن نییە ( دیموکراسییەت و حوکمی زاتی و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و سۆسیالیزم) - کە سەرخانن - قوت بکرێتەوە. حەتمەن لەسەر زەمینە و ژێرخانێکی وادا کە ( گەلی کورد بە بەشێکی نەتەوەی عەرەب و کوردستان بە پارچەیەک لە وڵاتی عەرەبی دانێ، کە بەدرشتی دەکاتە ئەوەی « خەباتی گەلی عێراقی بە بەشێکی خەباتی گەلانی عەرەبی » بزانێ). دیموکراسییەتی

لەوەی ئیمڕۆی بەعسی صدام و سۆسیالیزمێ لەوەی عەفلەق و ئۆتۆنۆمییە لەو کارتۆنییەی هەولێر و عێراقێکی لەوەی ئیمڕۆ قەت و قەت چاتر و ڕێکتر و ڕاستەقینەتر و پایەدارتر دروست نابێ و شین نابێتەوە...( لینین) یش زیندوو بێتەوە لەسەر ئەو زەمینە و ژێرخانە لەوەی زیاتر و چاتر پێ دروست نابێ و ناکرێ، مەگەر سەرلەبەری هەڵتەکێندرێ ئەوسا خۆ بەخۆ و بێ ئێمەمانانیش ڕێک دەبێتەوە!.
کەواتە دەبێ ژێرخانە ماددی و فیکرییەکەی زایندەی ئەو شۆڤیەنییەت و دیکتاتۆرییەت و فاشییەتیە هەڵتەکێندرێ . کە بەداخەوە ڕاگەیاندنی لە شێوەی(" جود" کە بزووتنەوەی نیشتمانی عێراقی بە بەشێکی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتمانی عەرەبی دادەنێ و وای دادەنێ کە خەباتیی بەشێکە لە خەباتی گەلانی عەرەبیی دژی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و کۆنەپەرستی .. نەک هەر هیچ بەشدارییەک نییە لەو ئەرکە پیرۆزە، بەڵکو گوڕدان و شەرعییەت دانێکە( کە هەرگیز شەرعیەتی نەبووە و ناشیبێ) بەو زەمینە ماددی و فیکرییە داڕزیوەی ڕەگەزپەرستەرستایەتی و فاشیەت و دیکتاتۆریەتە کە لە دروستبوونی عێراقەوە سەرچاوە و ماکی هەموو چەوسانەوە و نەهامەتییەکی گەلی عێراقییە بەگشتی و گەلی کوردمان بەتایبەتی.
٦- ئێمە دەستی قەدەر و ڕێزێکی زۆر لە خەباتی قارەمانانەی جەماوەری زەحمەتکێش و ستەمدیدەی عەرەبی بەگشتی و فەلەستینیان بە تایبەتی دژی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و کۆنەپەرستی دەنێین و ڕۆلی وڵاتانی پێشکەوتووخوازی بەرەنگاربووەوە لەم مەیدانەدا بە زۆر دەگرین و پشتگیری و هاوسەنگەری هاوخەباتی خۆمانیان بۆ دەردەبڕین. پێشمان وایە پاکتاوکردنی نفوزی ئیمپریالیزم و تۆوبڕکردنی کۆنەپەرستایەتی لە ناوچەکەدا وگەیشتنی گەلی فەلەستینی بە هەموو ئامانج و داوا ڕەواکانیان. بۆ خودی نەتەوەی کورد ڕێگەی دووری ڕزگاری و ئازادی و سەربەخۆیی نێزیک و نێزیکتر دەکاتەوە، هەروەک خەباتی دلێرانەی جەماوەری کورد دژی داگیرکەری و فاشیەت و ئیمپریالیزم بۆ خودی نەتەوەی عەرەب تەمەنی ئەو ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و کۆنەپەرستانەی بۆ کورت تر و کورت تر دەکاتەوە. هی گەلانی ناوچەکە و هەموو دنیاش هەرواتر.
بەڵام نە خەباتی گەلانی عەرەب ( بۆ نموونە فەلەستینیان) بەشێکە لەخەباتی ڕزگاریخوازانەی کورد و نە کوردایەتیش ( بە خەباتی گەلی کورد لە کوردستانی عێراقیشەوە) بەشێکە لە خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلانی عەرەب. دوو شاڕێن ، دوو سەنگەری هاوشان و هاوسان و جووتن ، دوو دەمی شمشێرێکیل، ئا، بەڵێ بەڵام یەک ڕەگەز و یەک شت نین لە سیفات و شێوە و تایبەتی و تایبەتمەندێتی و نیشانکراو و ناونراوەکان/ مسمیات دا. دەبێ کەس هەبێ ئەم ڕاستییە درک پێ نەکا و ئەم واقعە باوەڕی پێ نەهێنێ / ئیقرار نەکا؟ و دەبێ ڕاستی زانستی وا زیان بە کێ بگەیەنێ لە شۆڤیەنیەت و بۆرژوا بیرۆکراسی سەردەستە و ئیمپریالیزم بەولاوە؟.

٧- ئێمە بەش بە حاڵی خۆمان پێمان وایە و چەندین جاریش ڕامان گەیاندووە و لەژێر هیچ بارو هەلومەرجێکدا بە موو لێی لانادەین، کە خەباتی ناوکۆیی گەلی کورد و گەلانی عەرەبی و ئێرانی و تورک پێویستییەکی مێژوویی ستراتیژی ئەم سەردەمەمانە و شاڕێی بەدیهێنان و دابینکردنی سەرجەم داوا و مافە نەتەوایەتی و دیموکراسی جەماوەر ییەکانی ئەو گەلانەیە کە بەشێکی گرنگی خەباتی هاوبەشی گەلانی چەوساوە و ژێر دەستەی دنیا پێک دێنن. هەر هەمووانیش و هەر یەکەیان لە

لەمەوەیە ئێمە باوەڕمان بە بنیاتنان و پاراستنی پەیوەندییەکی چوون یەک و هاوتای
نێوگەلان هەیە و یەک لە ئەرکە هەرە بنەڕەتی و گرنگەکانی خۆمان بەوە دەزانین کە
بەوەی پێمان دەکرێ و هەڵدەسوورێ و بە هەموو وزە و توانایەکی خاکەڕایی/
متواضع انەمانەوە لەگەڵ هەموو هێزە شۆڕشگێڕ و دڵسۆز و خێرخواکان دا کار بۆ
یەکخستنی خەباتی گەلانی ناوچەکە و دنیاش بکەین و لەپێش هەموو شیانەوە
یەکخستنی خەباتی گەلانی کورد و عەرەب و ئێرانی و تورکی و بەتایبەتی و لە
هەنگامەی مەیدانی خەباتی گەلی عێراق دا یەکخستنی خەباتی گەلی عەرەب و
کورد کەمە نەتەوایەتی و ئاینییەکان لەسەر بناغە و بەرابەری و برادەری و یەکسانی و
هاوتا بە بەردی بناغە و مەرجی هەتە سەرەکی ڕمانی ڕژێمی ڕەگەزپەرستی بەعسی
عەفلەقی و هێنانەدی حوکمێکی هاوپەیمانێتی نیشتمانی و دیموکراسی کە
( دیموکراسییەتی ڕاستەقینە بۆ هەموو لی عێراق و حەکمی زاتی ڕاستەقینە،«
سەربەخۆیی خودی/ ئیستقلالی زاتی » بۆ گەلی کوردمان لەسەر هەموو خاکی
مێژووینەی خۆی لە کوردستانی عێراق دا) دابین بکات.. بە غەیری ئەوە و بە غەیری
هەڵتەکاندنی بنخانی ماددی و فیکریی شۆڤیەنیەت و دیکتاتۆریەت و
چەوساندنەوەی نەتەوایەتی بۆرژوا بیرۆکراسییە سەردەستەکە هیچ تۆوێکی خێر
شین نابێتەوە و « صدام» بە دیکتاتۆرێکی دیکە و « بەعسی عەفلەقی» بە
دەستەیەکی فاشی تر و ڕەگەزپەرستانی بە ڕەگەزپەرستانێکی دی دەگۆڕدرێتەوە و
بەس. گەلی عێراق و کوردیش دەچێتەوە خولێکی/ دەورەیەکی دی لە بازنەی
داخراوی شەست و ئەوەندە ساڵەی ڕابردوو و مێژووش بۆ ئێمە دەنووسێ( ئەگەر زۆر
خاترمان بگرێ !) کە لەوە دنیا قەرزی ئەم گەلەمان لێ وەرگرنەوە..
٨- لەسەرباری ئەمانەشەوە واقعەکە وەکو خۆی بە هەموو گرێ و گۆڵە
ئالۆسکاوەکانییەوە و دوور لە ڕتووش و ئارایشی خەیاڵ پڵاوانە دەبینین و لە پێویستی
و پێداویستییەکانی خەباتی ئیمڕۆکەمان دژی فاشییەت و دیکتاتۆرییەت دەگەین و
هەموو ئالۆز بلۆزی ناوچەکە تێدەخوێنینەوە و دەشزانین سیاسەت( هونەری کردنی
ئەو کارانەیە، کە شیانی کردنیان لە ئارادایە/ فن ممارسه الممكنات من الامور)ە و لە
تەنگژە و دووریانە مێژووییەکان دا ( هەنگاوێ بۆ دواوە و بۆ دوو هەنگاو چوونە
پێشەوە) سەرەتایەکی ڕاست و تۆز لێ نەنیشتووە. بەڵام ئەمانە و هۆبەیەکی دیکەش
بەشی ئەوە ناکەن و عوزری ئەوە نادەن کە ئێمە (( بزووتنەوەی نیشتمانی عێراقی بە
بەشێکی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتمانی عەرەبی)) دانێین و پێمان وابێ
(( خەباتیی بەشێکە لە خەباتی گەلانی عەرەبیی دژی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و
کۆنەپەرستی..)). چونکە هێلکەی ڕاگەیاندنی وا شیاو/ ممکن نییە لە جوچکەی
فاشییەت و دیکتاتۆرییەت و ڕەگەزپەرستایەتی زیاتر یا جیاتر هەڵێنێ.. لەوانەیە
گوزارشتگەلی/ تعبیرات و دڵ ڕاگرتنی لەم بابەتانە هەندێ پارسەنگی دەرەکی و
لاوەکی/ سانەوی بە کاتەکی/ مؤقت بخاتەسەر تەوژمی ڕەوتی خەباتەکەمان و کەمێ
« جود» لەو داو و تەپکە و قسە پروپوچانە « لغو»انەی بە دەوریدا هەڵدەسێندرێ
دوور ڕاگرێ، بەڵام ئەوانە زۆر لاوەکی و کەم تەمەن و کەم خایەنن و ژەهرن و بە
توێژاڵێ هەنگوین داپۆشراون..
برایانی بەڕێزمان...
ئەو ڕاستی و سەرەتایانەی سەرێ ئەلف و بێیەکن کەهەموانمان لە قوتابخانەی ژیان
و شۆڕشگێڕایەتی و سەنگەری خەباتەوە فێریان بووین و بەرهەمی ڕەنجی خەباتی
خۆمان و گەلانی دنیا و فیکری کوردایەتیی و پێشکەوتووی دیموکراس

سەرنج: بەیاننامەکەی "جود" هی سەرەتای مانگی 1.1984 وەڵامەکەش هەر بۆ ئەودەمە دەگەڕێتەوە.. من وەک خۆی بیرخەرەوەکەی پاسۆکم چاپکردۆتەوە،وەک ئاسانکارییەک بۆ خوێندنەوە،تاوەکو بۆ خوێنەر ئاستەنگ دروست نەبێت. هاوکات هەندێ و وشە و زارەوەی عەرەبی تێدایە،کردوومەتە کوردی.

+++++++++++++++++++++

کوردستانێکی ئازاد                    گەلێکی یەکسان

پارتی سۆسیالیستی کورد" پاسۆک"

مەکتەبی سیاسی: بۆ/ « لیژنەی باڵا»ی ( بەرەی نیشتمانی دیموکراتی عێراقی« جود»)ی تێکۆشەر ..

سڵاوی ئازادی و یەکسانی..

برایانی بەڕێز و تێکۆشەری هاوپەیمانمان..

بەرچاوخستن و ڕەخنەی شۆڕشگێڕانەی دڵسۆز جگە لەوەی بنکە و بنەمایەکی بنەڕەتی و گرنگی بینای هەموو کۆڕ و کۆمەڵ و ڕێکخراوێکی سیاسی پێشکەوتووخوازی شۆڕشگێڕ و هەموو پەیوەندی و هاوکاری و هاوپەیمانییەکی دروست و خزمەتگوزارە و هەموانیشمان ڕامان گەیاندووە و ئیقرارمان کردووە، ئەرکێکی سیاسی و میللی و ئەخلاقیشە.

هەر لەبەر ڕۆشنایی ئەم ڕاستییەدا بەپێویست و ئەرکێکی خۆشمانی دەزانین کە باری سەرنجی خۆمان لەمەڕ هەندێ ڕاگەیاندن و گوزارشتگەلی دوا « بەیاننامە»ی « لیژنەی باڵا» ی ( بەرەی نیشتمانی دیموکراتی عێراقی - جود -)ی تێکۆشەرمان کە لە کۆتایی تشرینی یەکەمی ١٩٨٤ دا دەرچووە، دەربڕین...

- ئەوە کە لە لاپەڕە( ١) ی دێڕی (١٨-١٩)ی بەیاننامەکەدا هاتووە و دەڵێ: جود کە (( «جود» کە بزووتنەوەی نیشتمانی عێراقی بە بەشێکی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتمانی عەرەبی دادەنێ، وای دادەنێ کە خەباتیی بەشێکە لە خەباتی گەلانی عەرەبیی دژی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و کۆنەپەرستی))..

بەڕای ئێمە دەربڕین و ڕاگەیاندنی وا هەڵوێستە و سڵەمینەوە و سەرنجدانی دەوێ و دەبێ ڕای خۆمان بەوپەڕی بوێرییەوە/ جورئەت شۆڕشگێڕانەوە ڕوون کەینەوە و ئەم مەسەلەیە هەرگیز خلیسکی نووکە قەڵەم و گوزارشتێکی نەبەکام نییە. پێشەکییەکە و سەرەنجامی زۆر گرنگ و پڕمەترسی لێ دەکەوێتەوە و بنخانێکی فیکرییە کە سەرخانێکی تایبەتی لەسەر هەڵە دەچنرێ، بۆیە دەبێ یەکسەرە کرێتەوە. چونکە ئێمە پێمان وا نییە و وانیشە کە « بزووتنەوەی نیشتمانی عێراقی» بەشێکی « بزووتنەوەی نیشتمانی عەرەبی » بێ. لەبەرئەوەی « نیشتمانی عێراقی» بە بەشێک لە نیشتمانی عەرەبی نازانین و گەلی عێراقیش بە بەشێک لە گەلانی « نەتەوە»ی عەرەبی دانانێیین، کە دەقاودەق و بێ لێکدانەوە/ تأویل ئەو ڕاگەیاندنەی سەرێ وا دەگەیەنێ!.. جا ڕێمان بدەن ( بۆ ڕەواندنەوەی پێوەنان و لێگۆڕین/ دەفعی إلتباس و لەبەر گرنگی باسەکە) خۆمان چاتر و قووڵ تر ڕوون کەینەوە:

١- هیچ گومان لەوەدا نییە کە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوە و گەلانی چەوساوە و داگیرکراو زنجیرەیەکی پێکەوە بەند و نەپساوەن و کۆی خەباتی ڕزگاریخواز و دیموکراسییانەی ئەو نەتەوە و گەلانەن کە ڕووی زوڵم و ستەمی ناڕەوای داگیرکردن و چەوساندنەوە و ئیمپریالیزم و دار و دەستەکانیدا وەستاوەتەوە و بەرەو ئاسۆی